# خۆپیێشاندانی هاوپشتی خەڵکی سلێمانی بۆ جەماوەری راپەریوی کوردستانی ئیران کەوتە بەر تەقەی یەکێتی !!!




ئەمرۆ شەممە کاتژمێر10 ی سەرلەبەیانی خۆپێشاندنێکی جەماوەری لە شاری سلێمانی لە شەقامی سالم _ سەهۆڵەکە لە بەرامبەر بانکی بازرگانی جمهوری ئیسلامی ئێران سازدرا، بۆ پشتیوانی لە خەڵکی راپەریوی شارەکانی کوردستانی ئێران، کە ئەوە چەند هەفتەیە دەستی پێکردوە ، بە دراندانەترین شێوە ڕووبەڕوو بووەتەوە لەلایەن جمهوری ئیسلامی ئیرانەوە و دەیان کەسیان بریندار و کوشتووە و سەدان کەس رەوانەی سیاچەڵەکانی زیندان کردوە .

ئەم خۆپێشاندانەی جەماوەری سلێمانی رووبەرووی تەقە و هێرشی ئاسیشی یەکیتی نیشتمانی بووەوە ، ئەوەی جمهوری ئیسلامی لە ئیران دەیکات لە کوردستان ئێران جەکدارەکانی یەکێتی بەزیاداوە لە دژی خۆپێشاندانی هێمنانە و مەدەنیانەی ئەم شارە ئەنجامیان دا .

یەکیتی نیشتمانی لە پانزە ساڵی رابروودا یەکێکە لە هاوپەیمانەکانی جمهوری ئیسلامی و لە هیچ کارێکی سەرکوتگەرانە سڵی نەکردەتەوە لە دژی ئوپزسیونی ئیرانی و دەست راکێشانی حکومەتی نەنگی ئیسلامی بۆ ناو کوردستانی عێراق و سەرکوتکردنی کۆمۆنیستەکان و بۆ رازی کردنی دڵی ئەم حکومەتە هارو درندەیە . ئەوە ئەمرۆش جارێکی تر سەڵماندی بۆ ئیدامە دانی عومری نەنگینی ئەم حکومەتە چی پاسەوتنێکە و درۆ فروفیشاڵەکانی بۆ دیموکراتیەت هەر ئەوەندە برەوی هەبوو .

ئێمە ئەم کارە سەرکوتگەرانەیەی یەکیتی مەحکوم دەکەین و دەبێت یەکیتی مافی مانگرتن و خۆپیشاندانی خەڵک بسەڵمێنی ، بۆی نیە لەژیر هیچ برو بیانوویەکدا سەرکوتی خەڵک بکات .

بانگەوازی خەڵکی سلیمانی دەکەین دریژە بە پشتیوانی خۆیان بدەن لە خەڵکی شارەکانی کوردستانی ئیران و سەرجەم خەڵکی کوردستان بانگەواز دەکەین بۆ پەیوەست بوون بەم هەنگاوەی شاری سلیمانیەوە .

جمهوری ئیسلامی ئیران یەکیک لە حکومەتە هار و دڕندەکانی ناوچەکەیە و دوا ڕۆژەکانی ژیانی بەسەر دەبات و لە گیاندان دایە و نابیٚ ڕیٚگە بدرت هیچ دار و دەستە و حزبیٚکی سیاسی ببیٚتە پاڵشت و پەنای ئەم حکومەتە و دەبیٚ ڕسواو مایە پوچ بکریٚت .

بروخی جمهوری ئیسلامی ئیٚران !

ڕسوایی بۆ هاوپەیمانانی جمهوری ئیسلامی !

سەرکەوتوو بیٚت خەباتی جەماوەری خەلٚک!

**حزبی کۆمۆنیستی کریکاری چەپی عیٚراق**

**2005\8\6**